

کانی حەمەدەمین

## مەرگەسات

دیسانەوە دڵەڕاوکێ

هەنگاوەکانمی خزاندە باخچەی پاییز

کەخشە خشی گەڵاکان

سەمفۆنیایەکە بۆ مەلوولی!.

دەستێك ئاڵۆزی  پرچی هەوڤ دەبارێنێ

دەستێك خەمی دەریا

ئاوەژوو دەکا!

ئاای خاڵخاڵۆکە

بەم خاڵانە فڕین تاقی وەکە
ئەم شەو مەرگ دەست لەملانێمە !

ئەم هەموو هەوڵەتدا و

من هەر بەرەو پاییز هەنگاوم نا

ئەم هەموو دەریابوونەت

منی نەفرەتی

مەلە فێر نەبووم!

بێ خەیاڵ شیعرێك گۆڕەو شارم دەدا و

ئەهریمەنێ تەڵقینم دەدا.

بانە